سەفەرکردن پارچەیەکە لە ئازار

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سەفەرکردن پارچەیەکە لە ئازار، ڕێگریتان لێدەکات لە خواردن وخواردنەوە وخەوتن، ئەگەر یەکێکتان ئەوە مەبەستی بوو لە سەفەرەکەی بەدەستیهێنا؛ با خێرا بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سەفەرکردن پارچەیەکە لە ئازار) واتە بەشێکە لە ناڕەحەتی، ومەبەست لە ئازار لێرەدا بەهۆی ئەو ناڕەحەتی) بوونەیە کە مرۆڤ تووشی دەبێت لە کاتی سەفەردا؛ لە سواربوون وڕێکردن ودانیشتن بۆ ماوەیەکی زۆر بێ جوڵانەوە. (ڕێگریتان لێدەکات لە خواردن وخواردنەوە وخەوتن): واتە وەرگرتنی چێژ وخۆشی کامڵ لە مرۆڤ قەدەغە دەکات؛ بەهۆی ناڕەحەتی وماندووبوون وئازار وچەشتنی ساردی وگەرمی وترس وجیابوونەوەی خێزان وهاوڕێ وزبری بژێوی، وکەسی ڕێبوار (موسافیر) بەردەوام سەرقاڵە، بە ئارامی ناتوانێت خواردن وخواردنەوە بخوات وبخەوێت وەکو ڕۆژانی ئاسایی بەتایبەت ئەگەر کارێکی پێویستی لەسەر بێت کە دەبێت جێبەجێی بکات، وئەگەر ئەوەی مەبەستی بوو لە سەفەرەکەی بەدەستیهێنا وجێبەجێی کرد؛ ئەوا با خێرا بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی بۆ ئەوەی پەروەردەیان بکات وچاودێریان بێت وجگە لەمانەش.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5404